# مانگرتن و خۆپیشاندان بەهێزترین چەکی ئێمەیە

(سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستان)



**ئازاد ئارمان**

azadarman@hotmail.com

کارل مارکس و فردریک ئەنگلس لە ساڵی 1848 ، لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا نووسیویانە: مێژووی ئێستا و داهاتووی هەموو کۆمەڵگەکان مێژووی خەباتی چینایەتی یە. مرۆڤی ئازاد و کۆیلە، ئەرباب و ڕەعیەت، دەرەبەگ و جوتیار، وەستا و شاگرد، بە واتایەکی تر زۆردار و زۆرلێکراو بەرامبەر بە یەکتری دەوەستنەوە و شەڕێکی بەردەوام کە تاوێ شاراوەیە و تاوێ لەڕووە، شەڕێک کە هەر جارەی یان بە ئاوەدانکردنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی بەرفراوانی کۆمەڵگە کۆتایی دێت یان بە وێرانکاری یەکی گشتی بە سەر چینە خەباتگێرەکان دا دەشکێتەوە.

کۆمەڵگەی کوردستانیش لەم ڕێسا گشتی و بنچینەییە بە دەر نی یەو، ململانێی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستانیش لەم چوارچێوەدا چەقی بەستووە. مێژووی نزیک بە دوو دەهەی ڕابردوو لە ژێر دەسڵاتی ئەم دوو پارتە ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان) نیشانی داوە و وەکو ڕاستی یەکی سەلمێنراو دەرکەوتووە کە ئەم دوو هێزە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، دوو هێزی میلیشیایی و پاتریکین و جۆرێکن لە دەسەلاتی سەرووی خەڵکی. نەک هەر جیاوازی یە چینایەتی یەکانیان کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵگادا لە جاران زەقتر بۆتەوە هەتا ئێستاش ئەم خەڵکە

بێبەشن لە سەرەتایی ترین مافە خزمەتگوزاری یەکانی وەکو (کارەبا. رێگاوبان. چاودێری تەندوروستی. پەروەردە و خوێندن، سەفەر...هتد).

ئەم راستی یەش لای هەموومان ڕۆشنە کە هەرچی سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایە هەیە لە ژێر دەسەڵاتی باوکسالاری پارتایەتی خۆیان قۆزاخیان کردووە. چەندین دەزگای فریودان و سەرکوت و تۆقاندنیان دروست کردووە و لە بەرامبەر نارەزایەتی یە جەماوەری یەکان بە کاریان دێنێت وەکو ( میدیا، پۆلیس، سوپا، دادگا، زیندان، دەزگای زانیاری و پاراستن)، هەر وەکو لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا نزیک بە دوو سەدە لەمەوپێش ئاوا پێناسەیان دەکات: "دەزگای بەرێوەبردنی دەوڵەتی نوێ شتێک نی یە جگە لە کۆمیتەیەک بۆ بەرێوەبردنی بەرژەوەندی یە بنەڕەتی یەکانی بۆرژوازی".

ئەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵانی کرێکار و بەشمەینەتانی کۆمەڵ لێل و تەمومژاوی و شاراوە بوو. ئەوە ئەمرۆ ئەزموونی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) {کە پاراستنی بەرژەوەندی کەمایەتییە}. ئەم خۆشباوەری یە ی رەواندۆتەوەو خەباتی جەماوەری هەنگاوێک چۆتە پێشەوە، ناکۆکی یەکان و داخوازی یەکانی جەماوەری کۆمەڵانی کرێکار و توێژەکانی خوارەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی پاتریکی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک). باشترین بەڵگەیە کە ئەم دوو هێزە لە خزمەت و بەرژەوەندی کەمایەتی یەکی کەمی کۆمەڵن دژ بە بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵ. دەری دەخات کە ئەم دوو چینە (بۆرژوازی و پرۆلیتاریا) دوو بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە و وەکو دوو هێلی تەریب وان قەت بەیەکتر ناگەن. ئەمە ناسنامە و سروشتی چینەکان و خەباتی چینایەتی یە لە کوردستان و لە سەرتاسەری جیهان.

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا شەپۆلێک لە نارەزایەتی جەماوەری جۆراو جۆرمان بینی لە کەرتی جیاواز وەکو نارەزایەتی مامۆستایان لە شاری سلێمانی، قوتابی یان، خۆپیشاندانی جەماوەری بەشمەینەتی شارۆچکەی رانیەو، تازەترینیشیان خۆپیشاندانی پڕشکۆی شارۆچکەی کەلار بوو. ئەم شەپۆڵە لە نارەزایەتی یە جەماوەری یانە، سەران و بەرپرسانی مشەخۆری هەر دوو دەسەڵاتە زلهێزەکەی تووشی تەزین کردووە. هەڵوێست

و کرداریشیان بێجگە لە هێرش و سەرکووت و کوشت و بڕی خۆپیشاندەران هیچی تر نەبوو.

دەسەڵاتداران لە کوردستان خاوەنی هێزن و پۆلیس، سوپا، دادگا، میدیا لە گەل ئەوانە، بەمانەش هێشتا دلیان ئاو ناخواتەوە و لە ڕیزەکانی ئێمەش خەریکی پیلانگێرین و دەیان ڕێکخراوی زەردیان دروست کردووە بۆ ڕێگری و کۆسپ دروست کردن لە بەردەم پێکهێنانی ڕێکخراوە راستەقینەکانی کرێکاران و جوتیاران و مامۆستایان و قوتابیان و ژنان ...هتد.

لە لایەکی تریشەوە لە گەڵ هەر ئەزمەیەکدا کە تووشی دەبن، بە یەک میتۆد بەڵام بە دوو شێوەی جیاواز بەرەو روومان رادەوەستن، زمانێکیان هەتا بۆیان بچێتە سەر توندوتیژی یە بە هەموو شێوەکانی یەوە، ئەوی تریان زمانی دبلۆماسی و فریودانە. سەیری ئەم ڕووداوانەی ئەم دوایانە بکەن چیان نواند: زیندان، هەرەشە، کوشتن، ناو زەرد کردنمان بە ئاژاوەگێر، دەسکردی بێگانە و ...هتد. زمانی دبلۆماسی و فریودانیشیان ئەوەیە راسترەوترین فراکسیۆنی (بە دیاریکراویش فراکسیۆنی نەوشیروان ـ کۆسرەت) ناو ڕیزەکانی پارتەکەیان یان ناو دەزگاکانی دەوڵەت بکەن بە لایەنگیری نارەزایەتی یە جەماوەری یەکان و دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێت بەلارێیدا بەرن. ناوی بنێن بزووتنەوەی دژی پاکسازی و لە ناوبردنی گەندەلی ئیداری. ئەم بزووتنەوەش وا کاڵ بکەنەوە و بهێننە خوارەوە بۆ ئەم ئاستەی گۆڕین و لادانی لێپرسراوێک و دانانی یەکێکی تر لە هەمان قوماش.

ئەگەر چی ئەم بزووتنەوە هەر لە سەرەتای هاتنەمەیدانی یە وە خاوەنی پڵاتفۆمی سەربەخۆی خۆی نی یە. بەڵام یەک راستی سەلمێنراو هەیە ئەم بزووتنەوەیە کە لە قولایی جەماوەرەوە لە خوارەوە هەڵقولاوە و داخوازی گۆرانێکی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی یە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. تەنها بە کۆمەلێک داواکاری و داخوازی ئابووری سنوردار نی یە و گەلێک داخوازی سیاسی لەخۆوە گرتووە وەکو چارەسەری کێشەی

نەتەوایەتی، مەسەلەی ژنان ، ئازای یە سیاسی و مەدەنی یەکان، مەسەلەی دەستوور، داگیرکاری ...هتد.

## دەبێ چی بکەین؟

تەنیا ڕێگە چارە و ئەڵتەرناتیڤ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاربوونەوەی بەرفراوان و سەراسەری یە لە دژی ئەم هەلومەرجە سەخت و دژوارەی بە سەر زۆرینەی کۆمەلگەیان دا سەپاندوویانە. بزووتنەوەیەک بێجگە لە هەڵکردنی ئاڵای داخوازی یە کانی جەماوەر هیچ شتێکی تر بە ڕەسمی نەناسێت، ئەبێ لەم هەلومەرجەدا بە تەواوی دوور کەوینەوە لە سونەت و شێوەکاری سکتاریزم و گروپچیەتی و دابەشکردنی جەماوەری بەرینی کرێکاران و توێژە ستەملێکراوەکانی تر لە سەر ئەساسی قەومی و دینی و ..هتد. لاوازترین خالی نێو بزووتنەوەکەمان نەبوونی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری یەکانە. یەکێک لە ئەرکە سەرەکی یەکانی سۆسیالیستەکان، ڕابەرانی کرێکاران ، جوتیاران، مامۆستایان، قوتابیان، ژنان بەرێخستنی کەمپینێکی سەراسەری یە لە پێناو هەنگاو هەلێنان بەرەو بنیاتنانی ڕێکخراوە جەماوەری و کرێکاری یەکان لە ناوەوەی وڵات. هەروەها ئەرکی سۆسیالیستەکان، ئازادیخوازان، هەلسووراوانی بزووتنەوەی ئازادی و دادپەروەری لە دەرەوەی وڵات، کەمپینێکی بەردەوام بەرێبخەن لە پێناوی ڕاکێشانی بیروڕای گشتی بۆ پشتیوانی کردنی بزووتنەوەکەمان لە ناوەوە، هەروەها بۆ ناساندنی بزووتنەوەکەمان بە بزووتنەوە ناحکومەتی یەکان لە ئاستی جیهاندا.